# نیهایەت

نیهایەت , نیهایەتی بینین....
نیهایەت , نیهایەتی شیعر ....
نیهایەت , نیهایەتی زمان ....
نیهایەت , نیهایەتی سەفەر .....

..................................................

لە نیهایەتی زمان داهاتوو دێڕێکی نەدامیّ بۆ ووتن ....
ئەو لە نیهایەتی ئاودا هاتوو کانیەکی پێنەناساندم ........
ئەو لە نیهایەتی ووشەدا هات و حەرفەکانی بەهەتیوی بەجێهێشت ......
ئەو لەنیهایەتی ئاگردا هات و , باڵای منی بۆ سوتان بەجێهێشت
ئەو لەنیهایەتی هەناسەدا هات و . .
تاسانی بەدیاری هێنا بۆ گەروو....
ئەو لە نیهایەتی چاودا هاتو
دەرگای نیگاکانی داخست ....
من لە ژێر چەپۆکی ئەم چەترەدا کوا دەتوانم هەناسەکان
گلبەمەوە ....
من لەتاریکایی ئەم گوڵدانەدا کوا دەتوانم شیعرێک
بنێژم ....
چۆن بتوانم لەمشتێک چاودا , ئەو هەموو نیگایانە لە
بەرد بسەنمەوە ...!
چۆن بتوانم لە نیهایەتی گەشتتدا , بەدوی هەنگاوەکانی
خاکدا بگەڕێم

..................................................

ئەو , سەفەر بوو هات و هەرچی یادگاری هەبوو بردی
ئەوسەبا بوو هات و هەرچی بەیان هەبوو
ماشییەوە ....
ئەو شیعر بوو هات و هەرچی ووشە هەبوو بەگەردنی
خۆیەوە هەڵواسی ....

Created by Neevia docuPrinter trial version http://www.neevia.com

ئەو دەفتەر بوو هات و ,هەرچی پەڕە هەبوو
دایخست ....
ئەو پێنووس بوو هات و هەرچی مەرەكەب هەبوو
هەڵیلووشی ....
ئەو منداڵ بوو هات و هەموو یارییەكانی
لێسەندینەوە ....
ئەو دەجال بوو هات و هەموو درۆكانی
پێچایەوە ....
ئەو لەنیهایەتی دووكەڵدا هات و هەمووجگەرەكانی
كوژاندەوە ....
......................................
من هەرگیز نەمتوانیوە بە نیهایەتی خۆم ئاشنابم
كەچی لەنیهایەتی تۆدا ئەشك ئەنێژم ....
من هەرگیز لەگەڵ هەناسەیەكی خۆمدا نەدواوم
كەچی لەنیهایەتی هەناسەكانی تۆدا حەسرەت
دەناسم ....
من هێشتر سەرەتای خۆمم نەنووسیبویەوە ....
كەچی تۆ هاتیتو نیهایەتت بۆ دەنووسیمەوە
ئاخر كەی من بەسەر تاوێرەكانەوە نوستووم ؟
تۆ دێیت و خەونەكانم دەتاسێنی
ئاخر من كەی دەتوانم لەگەڵ زەویدا بجەنگم
تۆ دێیت و حیكایەتی ووشكانی و سیحری زەریاكانم بۆ دەگێڕێتەوە....
ئاخركەی من لەگۆڕی قەدەر دێم....
كە تۆ دێیت ........... من قەدەر كوشتومی .......
خۆزیا, بەر لە قەدەر لە ناخی تۆدا منێك لەدایك دەبوو ....
خۆزیا , لە بەرامبەر باڵای تۆدا ئەلفێك دەبووم ....
خۆزیا, لە ئامێزی تۆدا بەساوایی گەورە دەبووم
ئێستا من............
نە حەرفێكم بنووسرێم ,
نە باڵایەكم بسوتێم ....

Created by Neevia docuPrinter trial version http://www.neevia.com

نە ساوایەکم بگریەم ....

نە مردوویەکم بنێژرێم ....

.....................................................
لە ئامێزمدا گەورە بە ئەی فریشتە

لەشیعرمدا خۆت بنوسەوە , باڵە ناخمدا سەوزبێ ....

.....................................................
ئەی قەدەر لێمگەڕێ
با لەگەڵ گۆرانیەکانی باراندا سەفەر کەم

لە ناخی ئاوازە کپەکانی خاکدا مەحوببمەوە ...........
ئەی عەشق لێمگەڕێ

با لەگەڵ خەمباری دوکەڵی جگەرەیەکا هێوربمەوە ....
ئەی سوڵتان لێمگەڕێ
من هەرگیز نە بەسەرە تای نیهایەتدا دەگەم و

نە بە نیهایەتی نیهایەتیشدا دەتوانم بگەڕێم ....
ئەی قەدەر بۆ تەنها جارێکیش

سەرەتایەکم بۆ نیشان کە ....
ئەی فەلەک بۆ تەنها ساتێکیش

حەرفێکم لەگەڵدا بڵێ ....

ئەی عەشق بۆ تەنها چرکەیەک ....
بەلێوەکانی مەسیح گۆرانی پێکەوە گریدانی

سەرەتاو نیهایەتی نیهایەتم لەگەڵدا بڵێ ....
با سەرەتای من سەرەتای نیهایەت و
نیهایەتی ئەو نیهایەتی من بێ

.........................
لە نیهایەتی بینیندا نیگایەکم دەوێ بۆ ئەبەد

.........................................
ئەو لەکۆتایی مێژودا هات و ڕەشایی لاپەڕەکانی بۆ سپی کردمەوە ...

ئەو عیرفان بوو هات و ...................................
ئەو نەفەس بوو هاتو هەموو چوارینەکانی خیامی لەتەکمدا نۆشی
ئەو لەیلا بوو هاتو شەوەکانی مەجنونی بەسەرەتای ڕۆژەکانم ئاشناکردەوە

Created by Neevia docuPrinter trial version http://www.neevia.com

ئەو شەم بوو هاتو بەخوێنی بنمیچی چیاکانی عەشق
سەری هەموو دێوانەکانی موفەڕەککرد

ئەوهەڵەبجە بوو ....................
هاتو هەموو یادگارییە سەوزەکانی بەهاری
بەگەردنی گوڵاڵەیەکی سورەوە هەڵواسی
ئەو هات و بەدەم قەپ کردن بەسێوێکدا ووتی :
(ژیان هێندەی بەرزبونەوەی تۆپێکی باغەیە بەشەقی منداڵێکی لاکۆڵان ,
ئەوەی قاچی شەقی نەبێ ناژی )
بەلێویکی تەڕەوە هات و بەئاوازێکەوە ووتی:
(ژیان لیکێکە لەنێوان دوولێودا ئەوەی دوولێوی نەبێ ناژی )
چاوەڕێم ئەی یار لەگەڵ سەبادا لایەکم لێبکەرەوە ,
چاوەڕێم ئەی هەتاو لەگەڵ باراندا ............
لەجەژنی لەدایکبونی دا ...........
سەرێکبدەنەوە لەپەلکە گیا........
,سەرێک بدەنەوە لەکانی,
,سەرێک بدەنەوە ............
ئەی یار لەگەڵ شەقامدا هەموو هەتاوەکان بدەنەوە بەکۆڵی شەودا و لەچاوی هەموو
کازیوەیەکدا بنووسە
(لە نیهایەتی بینیندا نیگایەکم دەوێ بۆ ئەبەد)
(لەنیهایەتی بینیندا نیهایەتێکم دەوێ بۆ ئەبەد)

موحسین ئەدیب
2002/3_19/18

# نیهایەت

Created by Neevia docuPrinter trial version http://www.neevia.com